کۆریای باکور بۆردومانی کۆریای باشور دەکات

بەیانی ئەمڕۆ کۆریای باکور بە 200 گوللەی توپ کۆریای باشوری بۆردومان کرد، دەسەڵاتدارانی کۆریای باشوریش داوای چڕکردنی بەشێك لە دورگەکان دەکات.

بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری کۆریای باشور لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند؛ کۆریای باکور نزیکەی 200 گوللە تۆپی ئاماستەی دورگەی (بۆنیبۆنگ) کردوە و بەرپرسانی ئەو ناوچەیەش داوایان کردوە ئەو دورگەیە چڕ بکرێت.

دوێنێ پێنجشەممە، کۆریای باکور بۆ توندی ئیدانەی ئەو مانۆڕە سەربازییەی کرد کە کۆریای باشور لە ساڵی نوێ ئەنجامیدا، ئەمەش مەترسییەکانی توندبونی گرژییەکانی نێوان هەردو کۆریاکەی زیاتر کردووە.

ئەم بۆردومان و گرژییانەی نێوان باکور و باشور لەکاتێکدایە، پێیوندی نێوان هەردو وڵات لە ئاستێکی خراپدایە و پێشتریش ئاژانسەکانی هەواڵی کۆریای باکور ئاماژەیان بۆ ئەوەکردبو کە کیم جۆنگ ئون، ڕێبەری کۆریای باکور سەردانی شوێنی تایبەت بۆ دروستکردنی موشەکی باڵیستی کیشوەربڕی کردوە و جەخت لە ئامادەکارییەکان کردوەتەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی "دوژمنان".